السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئافرەتێک لە هەندێک لە هەڵمەتەکانی ڕزگارکردن (غەزاکان) بە کوژراوەیی دۆزرایەوە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«ئافرەتێک لە هەندێک لە هەڵمەتەکان ڕزگارکردن (غەزاکانی) پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە کوژراوەیی دۆزرایەوە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئینکاری ونەهی کرد لە کوشتنی ئافرەتان ومنداڵان».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئینکاری کرد لە کوشتنی ئافرەتان ومنداڵان وئەمەیش بەڵگەیە لە سەر حەرام بوونی کوشتنیان، وسەبارەت بە فەرموودەی: (ما كانت هذه لتقاتل)، واتە: (ئەمە نەدەبوو بکوژرایە)، وئەمەش ئاگاداریە بۆ هۆکاری نەهی کردن لە کوشتنی ئافرەتان چونکە بە زۆری ئافرەتان لە شەڕەکان وجەنگەکاندا (ڕووبەڕوونەوەکاندا) بەشداری ناکەن وئەگەرچیش هەندێکیان ئازایەتیان تێدایە بەڵام لێرەدا حوکمە لە سەر زۆرینەیە، بەڵام هەر ئافرەتێک بەشداری جەنگ بکات وشەڕ بکات ئەوا دەکوژرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2949

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee